کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:56 9-6-2007

## دەبێت لەبەرامبەر هیواکوژەکانمان بێ دەنگ نەبین... عەبدوڵلا ئەحمەد گەرمکی

abdulagermiki@yahoo. com

هیوایەت ئەو وشەیەیە کە ئێمەی مرۆڤ لەهەموو قۆناخەکانی تەمانماندا ئەو پرسیارەمان لێ دەکرێ، ئاخۆ هیوایەتی تۆی منداڵ چییەو منی گەنج دەبێ چی بێ و تۆی ژن دەبێ چ خەون و ئاواتێکت هەبێ یا تۆی سیاسی و کرێکار و جوتیار و... هتد، دەبێت هیوایەتمان چی بێت؟ ئاخۆ لەپێناو ئەو هەموو هیوایانەی کە هەمانە هیچ کارێکمان کردووە بۆ جێبەجێکردنی؟ ئەی کێن ئەوانەی کە هیواکانمان دەکوژن و زیندەبەچاڵی دەکەن؟ ئاخۆ تۆی مرۆڤ تادواڕادە لەهەوڵداندای بۆ هێنانە دی هیواکانت، یا هەر هیواخوازیت و هیچیتر، یان هیواکانت مردووە و ئیدی باوەڕیشت بەهیوا نەماوە و ئەم پرسیارەش جێدەهێڵم بۆ خوێنەری بەڕێز ئاخۆ تۆ کامیانی؟



شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە هەر یەك لەئێمە هیوایەکی هەیە لەم ژیانەدا و ئیدی ئەو هیوایە چی دەبێت با ببێت، گرنگ ئەوەیە هەموو تاکێك هیوایەکی هەیە، بەڵام ئایا چیمان کردووە بۆ هێنانەدی هیواکانمان. وەکو باسیشم کرد هیوا زۆرە و هەر کەسێك لەوانەیە سەد هیوای هەبێت، بەڵام لەناو ئەو هیوایانەدا، بەدڵنیاییەوە یەك دوو هیوا هەیە کە لەپێش هیواکانی ترەوەیە، راست نییە گەر بڵێین هێنانەدی هەندێ لەهیواکان لەبەختەوە سەرچاوەی خۆی دەگرێ، لەڕاستیدا نەك تەنها بۆ هیوایەك بۆ هەر شتێکی دیش بێت، دەبێت لەتێکۆشاندا بیت بۆ ئەوەی ئەو خواست و هیوایانەی کە هەتە بەدیبێت و بۆ ئەوەی ژیانێکی ئاسوودەی بگوزەرێنیت جیاواز لەو کەسانەی کە باوەڕیان بەهیوا نییە یان ئەو سرووشتەی کە تێدایە ئیدی تووشی بێ باوەڕی بکات و وا بزانێت لەقەیرانێکدایە و زۆرجار ئینسان والێدەکات کە تووشی شۆك بێت و کاتێکیش ئینسان تووشی شۆك بوو ئیدی ناتوانێت، نەك هەر ناتوانێ هیواکانی بهێنێتەدی بگرە لەوەش زیاتر ناتوانێت شتێك بەشتێك بکات و کاتێکیش هەر مرۆڤێك گەیشتە ئەو ئاستە ئیدی بەبڕوای من لەزیادە دەژێت و ژیان بۆی هیچ سوودێکی نامێنێت.

ئێمە لەجێگایەکدا دەژین کە پێی دەڵێن کوردستان، ئەو کوردستانەی ئەمڕۆی باشوور بەتایبەتی، هەندێ ڕەوشەکە جیاوازە وەك لەپارچەکانی تری کوردستان، لێرە دەسەڵاتێکی کوردی بوونی هەیە، کە تا سەر ئێسقان ئەو دەسەڵاتە هیواکوژی هاوڵاتیانی ئەم نیشتیمانەیە، بۆنمونە خوێندکارێك تا پلەیەکی باش بەدەست نەهێنێت لەو زانکۆیە وەرناگیرێت کە خەون و ئاواتێتی هەر لەمنداڵییەوە هیوایەتی ئەوەیە کە ئەو بەشە وەریبگرێت کە خوێ دەیەوێت، کەچی ئاستی پلەکانی ئەو خوێندکارە هەندێ نزمتربێت ئیدی لەو زانکۆیە وەرناگیرێت کە خۆی مەبەستێتی، بێگومان مرۆڤ ئەوکاتە تووشی بێ هیوای دەبێت، ئەم خەتایەش بێگومان ئەو سیستەمە چەوتەیە کە ئەم دەسەڵاتە ساڵانێکە بۆخۆی بەبنەمای گرتووە، هەر ئەو دەسەڵاتەیە کە هیواکوژی تۆی ژن و ئەوی منداڵ و ئەوی لاوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەو فکرە ئیسلامگەری و عەشیرەتگەرییەی کە تارۆژگاری ئەمڕۆمان زاڵە ئەمەش خاڵێکی تری بنچینەییە بۆ لەناوبردنی هیواکانمان. هەر ئەو دوو خاڵەیە کە ئێمەی هاوڵاتی ئەم وڵاتە بەرەو ئەو دۆخەمان دەبەن، هۆکاری سەرەکیش هەر ئەوانن کە گەنج و لاوی ئەم نیشتمانە لەبێ هیوایدا پەنا بۆ خۆکوشتن بەرن، چونکە کاتێك هیواکانت بکوژرێ مرۆڤ ئەو دەمە ئیتر گەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چارەسەرییەکی راستەقینەی پێ نەبێت ناچار دەبێت خۆی بکوژێت و مردن هەڵدەبژێریت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت بەرگەی ئەو نائومێدی و و نا هیوابیە بگرێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەو کارە.

بۆ خۆدەرخستن لەو شاڵاوە بێ هیواییەی کە ئەمڕۆ لەناو گەلەکەماندا بوونی هەیە، دەبێت مرۆڤ رێگای چارەسەری بگرێتە بەر کە ئیتر رووبەڕووی ئەو هێز و خێڵ و لایەنانە بێتەوە کە هیوا و خۆزەگەکانمان دەکوژن و دەیانەوێت ئەم گەلە بەرەو ئاقارێکی بێ هیوای و نادیار پاڵپێوەنەن. بەمەش گەلەکەمان زیاتر بەرەو دۆخێکی پڕ لەگێژاو دەبات و هەتا بێتیش مەترسییەکان زیاتر دەبن لەسەر تاکەکانی ئەم چڤاکە.

بۆ خۆ رزگار کردنیش لەم دیاردەیە، دەبێت دوو خاڵی سەرەکی بگرینە بەر بۆ ئەوەی ئیدی کۆتایی بەم شەپۆلە نا ئومێدی و بێ هیوابیە بهێنرێت:-

یەکەم/ دەبێت فشارێکی زۆر بخرێتە سەر دەسەڵات، تا ملکەچی داخوازییەکانی تاك و توێژەکانی کۆمەڵگا ببێت.

دووەم/ بەهەموو وزەو تواناپەکمانەوە، دەبێت رووبەڕووی هزری میللیگەرایی سەرەتایی ببینەوە و بۆ ئەوەی لەوە زیاتر نەهێڵین هەموو رۆژێك هیوا و ئاواتەکانی چین و توێژەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە بکوژن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.